UK Health Security Agency

# چاودێریکردنی هەوکردنی برینەکانیی نەشتەرگەری

## زانیاری بۆ نەخۆشەکان







ئەم نامیلکەیە باس لە هەوکردنی برینەکانی نەشتەرگەری و بەرنامەی نیشتمانی چاودێری هەوکردنەکانی تووشبوو لە نەخۆشخانەکان دەکات

## هەوکردنەکانی برینی نەشتەرگەری چین؟

زۆربەی برینەکانی نەشتەرگەری بەبێ ئەوەی ئاڵۆزی دروست بکەن بەخێرایی چاک دەبنەوە. ژمارەیەکی کەم لە برینەکانی نەشتەرگەری تووشی هەوکردن دەبن. ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە میکرۆبەکان (میکرۆئۆرگانیزمەکانی وەک بەکتریا) دەچنە ناو ئەو برینەی لەلایەن پزیشکی نەشتەرگەری لەڕێگەی پێستەوە بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە ئەنجامی دەدرێت.

زۆربەی میکرۆبەکان لەناو و لەسەر جەستەمان و هەروەها لە ژینگەی ئێمەدا دەژین. زۆربەیان بێ‌زیانن تەنانەت بەسوودیشن. جەستەی ئێمە لە دژی ئەو میکرۆبانەی کە توانایی زیانگەیاندنی بێت خاوەن بەرگری سروشتی هەیە. بەگشتی پێستمان ڕێگری دەکات لە داخڵبوونی میکرۆبەکان بۆ ناو جەستەمان، بەڵام هەر جۆرە برینێک لە پێست (چ بە هۆی برینداربوونەوە بێت یان بەهۆ برینی نەشتەرگەرییەوە) دەتوانێت ڕێگە خۆشکەر بێت میکرۆبەکان بچنە ناو جەستەمان و ببنە هۆکاری هەوکردن.

## ئەم هەوکردنانە کەی ڕوودەدەن؟

هەوکردنی برینی نەشتەرگەری دەتوانێت لە هەرکاتێک، لە دوو بۆ سێ ڕۆژ دوای نەشتەرگەری تا کاتی سارێژبوونەوەی برینەکە (بەگشتی دوو بۆ سێ هەفتە دوای نەشتەرگەری) سەر هەڵدات. هەندێکجار، هەوکردن دەتوانێت چەند مانگێک دوای نەشتەرگەریەکە ڕوو بدات.

هەوکردنی برینی نەشتەرگەری ئاسایی نیە (سەیری خشتەکە بکە). زۆربەی هەوکردنی برینەکانی نەشتەرگەری تەنها لەناو چینی پێستدا ڕوودەدەن، بەڵام هەندێکجار دەتوانێت بۆ ناو شانە قووڵەکان بڵاو بێتەوە. هەوکردنەکان دوای نەشتەرگەری زیاتر لەو ئەندامانەی لەشدا ڕوودەدەن کە میکرۆبی زۆری تێدایە، هەروەک ڕیخۆڵە.

**ڕێژەی هەوکردن لە جۆرە جیاوازەکانی نەشتەرگەری**

| جۆری نەشتەرگەری | تێکرای ئەو برینانەی تووشی هەوکردن بوون لە هەر 100 نەشتەرگەری* |
|---|---|
| گۆڕینی جومگەی ئەژنۆ | کەمتر لە 1 |
| گۆڕینی جومگەی ڕان | کەمتر لە 1 |
| نەشتەرگەری لابردنی کۆئەندامی زاوزێ | 2 |
| نەشتەرگەری خوێنبەرەکان | 2 |
| گرێفتی بای پاسی خوێنهێنەری تاجی | 3 |
| نەشتەرگەری ڕیخۆڵە گەورە (ڕیخۆڵە) | 9 |

* ئەو برینانەی تووشێ هوکردن بوون لە کاتی خەواندن لە نەخۆشخانە یان لەکاتی وەرگرتنەوەی دوای نەشتەرگەری دەستنیشان کراون.
سەرچاوەی زانیاریەکان: Surveillance of Surgical Site Infections in NHS Hospitals in England .UKHSA.

## برینەکەم چۆن چاودێری دەکرێت؟

لەماوەی مانەوەت لە نەخۆشخانە، ئەو پەرستارەی کە بانداژ/لەفافی برینەکەت دەگۆڕێت پشکنینی نیشانەکانی هەوکردن دەکات. ئەگەر نیگەرانی برینەکەتی، بەو پەرستارە بڵێ کە چاودێریت دەکات. هەوڵ مەدە بانداژ/لەفافی سەر برینەکەی خۆت لاببەیت یان دەست لە برینەکەت یان بۆری دەردراوی برینەکەت بدەیت. لەوانەیە بەهەڵە میکرۆبەکان لە پەنجەکانتەوە بگوازیتەوە بۆ برینەکە.

هەوکردن دەتوانێت دوای ڕۆیشتنت لە نەخۆشخانە ڕووبدات. ڕەنگە دوای نەشتەرگەری چاوەڕوانی هەندێک سووربوون و ئاوسان بکرێت، بەڵام ئەگەر یەکێک یان زیاتر لەم نیشانانەی خوارەوەت هەست پێکرد ئەوە لەوانەیە تووشی هەوکردن بووبێیت:

- پێستی دەوروبەری برینەکەت سوور دەبێتەوە یان زام و ئازاری دەبێت و پێت‌وانییە بەشێکە لە پرۆسەی چاکبوونەوەی سروشتی برینەکەت، یان هەست بە گەرمی و ئاوسانی دەکەیت
- برینەکەت دەردراوێکی (چڵکی) ڕەنگی سەوز یان زەردی هەیە
- بەگشتی هەست بە ناخۆشی یان تا دەکەیت، یان پلەی گەرمی لەشت بەرز دەبێتەوە

ئەگەر هەر کێشەیەکت لەگەڵ برینەکەت هەبوو، ئەوە پەیوەندی بە پزیشکی گشتیەوە (GP) بکە مەگەر ئەوەی کە پێتوترابێت پەیوەندی بە نەخۆشخانەوە بکە. نزیکەی مانگێک دوای نەشتەرگەریەکە، لەوانەیە پرسیارنامەیەک (کاخەز، ئیمەیل یان دەق) یان پەیوەندیەکی تەلەفۆنی لە نەخۆشخانەوە وەربگریت بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا هیچ کێشەیەکت لەگەڵ برینەکەت هەیە. زۆرێک لە نەخۆشەکان دوای ماوەیەکی کەم لە نەشتەرگەری نەخۆشخانە بەجێدەهێڵن، و کارمەندانی نەخۆشخانەش پێویستە نەتەنیا چاودێری و بەدواداچوون بکەن بۆ هەوکردنەکانی برین کە لەکاتی بوونی نەخۆش لە نەخۆشخانە ڕوودەدەن بەڵکوو پێویستە بۆ ئەو هەوکردنانەی پاش دەرچوونی نەخۆشکان لە نەخۆشخانەش ڕوودەدەن، ئەرکی خۆیان بەجێ بێنن.

## ئەگەر نیشانەکان دەربکەون چی ڕوودەدات؟

نەخۆشخانەکەت زانیاری لەسەر نەشتەرگەریەکەت کۆ دەکاتەوە و چاودێری برینەکەت دەکات بۆ نیشانەکانی هەوکردن. ئەگەر پەرستار، مامان یان پزیشک گومانی لە هەوکردنی برینی نەشتەرگەریت هەبێت، لەوانەیە نمونەیەک لە برینەکەت بە سوابێک هەڵبگرن و بۆ پشکنین بینێرن بۆ تاقیگە. لەوانەیە پەرستارەکەت یان پزیشکەکەت چارەسەری دژەباکتریات بۆ بنووسێت. ئەو زانیاریانەی کە سەبارەت بە نەشتەرگەریەکەت کۆدەکرێنەوە لەلایەن نەخۆشخانەوە بەکار دەهێنرێن بۆ ئەوەی باشترین چاودێری تاکەکەسیت بۆ دابین بکرێت.

## زانیاریەکانم لەگەڵ کێ هاوبەش دەکرێن؟

ئاژانسی ئاسایشی تەندروستی بەریتانیا (UKHSA) بەرپرسیارە لە لێکۆڵینەوەی هەوکردنی برینی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکانی سەرتاسەری ئینگلتەرا. بۆ یارمەتیدان لەم کارە، نەخۆشخانەکەت زانیاری کەسی سەبارەت بە نەشتەرگەرییەکەت لەگەڵ UKHSA هاوبەش دەکات، لەوانەش ناو، ڕۆژی لەدایکبوون، ڕەگەز و ژمارەی NHS. هەروەها زانیاری سەبارەت بە مەترسی هەوکردنی برینی نەشتەرگەریت هاوبەش دەکرێت، بریتی لە:

- ئاستی تەندروستی گشتی پێش نەشتەرگەریەکەت
- زانیاری دەربارەی نەشتەرگەریەکەت
- زانیاری دەربارەی هەرچەشنە هەوکردنێک کە لەوانەیە دوای نەشتەرگەریەکەت ڕوویدات

UKHSA دەبێت زانیاری تاکەکەسی بەکار بهێنێت بۆ پشکنینی کوالیتی وردی ئەو زانیاریانەی کە لە نەخۆشخانەکەت وەریدەگرین و دڵنیا بێتەوە کە ئێمە زیاتر لە جارێک نەخۆشەکان ناژمێرین. هەروەها ئێمە ئەم زانیاریانە بەکار دەهێنین بۆ پەیوەستکردن بە تۆمارەکانی NHS بۆ ئەوەی بزانین ئایا تۆ دوای نەشتەرگەریەکەت جارێکی تر لە نەخۆشخانە وەرگیراویتەوە یان خود نا، و ئایا هۆکاری مەترسی هەوکردنی وەک نەخۆشی شەکرەت هەیەی یان نا. ئەمەش یارمەتی زانایانی تەندروستی گشتیمان دەدات بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی تووشبوون بە هەوکردنی نەشتەرگەری نەخۆشخانە و یارمەتیدەر دەبێت بۆ باشترکردنی ئەو چارەسەرەی کە پێشکەش بە نەخۆشەکان دەکرێت. جگە لەوەش، ئێمە پەیوەندی دەکەین بە تۆمارەکانی مردن لە نووسینگەی ئاماری نەتەوەیی (Office for National Statistics) بۆ ئەوەی بزانین ئایا نەخۆشەکانی تووشبوو بە هەوکردنی نەشتەرگەری، بەهۆی ئەم تووشبوونەوە دەمرن یان نا.

ڕەنگە زانیارییەکانی تۆ پەیوەست بکرێت بە داتای تاقیگەی مایکرۆبایۆلۆجی کە لەلایەن UKHSA هەڵگیراون بۆ گەڕان بەدوای زانیاری زیاتر لەسەر هەوکردنی کلینیکی. هەروەها ڕەنگە ئێمە زانیاریەکانی تۆ پەیوەست بکەین بە تۆمارە کلینیکیەکانی تر، کە زانیاری وردتری نەشتەرگەریان تێدایە وەک جۆرەکان بەکارهێنراوی چاندنی نەشتەرگەری.

ژمارەی مۆبایل و ناونیشانی ئیمەیلەکەت، یان ژمارەی کەسێک کە بەناوی تووە کاردەکات لەوانەیە لەگەڵ UKHSA هاوبەش بکرێت. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بتوانین پرسیارنامەیەکی چاکبوونەوەی برینتان لە ڕێگەی ئیمەیل یان بە تێکست بۆ پڕکردنەوە و گەڕانەوە بۆ UKHSA بۆ بنێرین.

## لە کوێ دەتوانم دەربارەی هەوکردنی نەشتەرگەری زانیاری زیاتر وەربگرم؟

دەتوانیت زانیاری زیاتر لەسەر هەوکردنی برینەکانی نەشتەرگەری لە ماڵپەڕی UKHSA بە ناونیشانی www.gov.uk/government/collections/surgical-site-infection-ssi-guidance-data-and-analysis بدۆزیتەوە.

# لە کوێ دەتوانم زانیاری زیاتر دەربارەی UKHSA وەربگرم؟

دەتوانیت زانیار زیاتر دەربارەی ئەوەی UKHSA  چۆن زانیاریە تاکەکەسیەکەت بۆ لێکۆڵینەوە لە هەوکردنی برینەکانی نەشتەرگەری بەکار دەهێنت لە www.gov.uk/guidance/surgical-site-infection-surveillance-privacy-notice بدۆزیتەوە.

لەلایەن UKHSA بەرهەم هێنراوە بۆ ئەو نەخۆشانەی کە نەشتەرگەریەکەیان لەلایەن خزمەتگوزاری هەوکردنی شوێنی نەشتەرگەری UKHSA چاودێری دەکرێت.

| **ئەگەر هەر جۆرە پرسیارێکی ترت هەیە، تکایە پەیوەندی بکە بە:** |
|---|
| |

ئەم نامیلکەیە بە پیتی گەورە و بەو زمانانەی خوارەوە بەردەستە، بۆ نموونە: عەرەبی، بەنگالی، چینی (ئاسانکراو یان نەریتی)، گوجاراتی، پۆڵەندی، پەنجابی و ئوردو. دەتوانن ئەم فۆرمی بڵاوکردنەو یە لە www.gov.uk/ukhsa دابگریت

دەتوانیت ئەم زانیاریانە (بەبێ لۆگۆکان) بە خۆڕایی بە هەر فۆرمەتێک یان بە هەر میدیایەک بەکار بهێنیت بەپێی مەرجەکانی مۆڵەتی حکومەتی کراوە  (OGL) v3.0. بۆ بینینی ئەم مۆڵەتە سەردانی OGL www.nationalarchives.gov.uk/doc/open-government-licence/version/3/ بکە. لەو شوێنانەی کە ئێمە زانیاریمان دەستنیشان کردووە کە لەلایەن لایەنی سێیەمەوە مافی چاپکردنیان هەیە، پێویستە لە خاوەن ماف بۆ کۆپیکردن مۆڵەت وەربگریت.

UKHSA بەرپرسیارە لە پاراستنی هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگا لە ئاست کاریگەریەکانی نەخۆشی پەتا، ڕووداوەکانی کیمیایی، بایۆلۆژیکی، تیشکیی و ئەتۆمیی و مەترسیە تەندروستیەکانی دیکە. ئێمە پێشەنگایەتی بیرکردنەوە و زانستی و ئۆپەراسیۆنی لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوخۆیی، و هەروەها لەسەر ئاستی جیهانی پێشکەش دەکەین، بۆ ئەوەی تەندروستی نیشتمان دەستەبەر بکەین.

www.gov.uk/government/organisations/uk-health-security-agency

Ulotka ta jest również dostępna w języku polskim
ਇਹ ਪਰਚਾ ਪੰਜਾਬੀ ਵਿੱਚ ਵੀ ਉਪਲਬੱਧ ਹੈ
এই প্রচারপত্রটি বাংলা ভাষায়ও পাওয়া যায়
આ પત્રિકા ગુજરાતી ભાષામાં પણ ઉપલબ્ધ છે
本宣传单还提供有中文(简体)版本
本宣傳單還提供有中文(繁體)版本

تتوفر هذه الكراسة أيضاً باللغة العربية.
یہ پرچہ اُردو میں بھی دستیاب ہے

© Crown copyright 2025

بۆ پرسیار سەبارەت بەم بەڵگەنامەیە، تکایە پەیوەندی بکە بە:
ssi.data@ukhsa.gov.uk

بڵاوکراوە لە: جوونی 2025

ژێدەری بڵاوکردنەوە:  GOV-11041

وێنەکان © Shutterstock

UKHSA پشتیوانی لە ئامانجەکانی گەشەکردنی بەردەوام دەکات

SUSTAINABLE DEVELOPMENT GOALS

Corporate member of Plain English Campaign
Committed to clearer communication
339